باراک دەستخۆشی لە هەرەم دەکات بۆ ئامادەیی دەربڕینی بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی فیدرا



حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوەکی بڵاو کردووەتەوە و تێدا ئاماژەی داوە، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نێردەی تایبەتی سەرک دۆناڵد ترەمپ بۆ سووریا و باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا بۆ تەلەفۆن قسەیان کردووە و هەر دووکیان جەختیان لە پڕۆپۆدانی هاریکاری و هاوئاهەنگیی لە پێناو ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکەدا کردووە.

ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە 17ـی ئاداری 2026، مەسرور بارزانی سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لە باڵیۆز تەم بڕاک نێردەی تایبەتی سەرک دۆناڵد ترەمپ بۆ سووریا و باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا پێگەیشت.

لە پەیوەندییەکەدا گفتوگۆ لەبارەی باردۆخی گشتیی هەرێمی کوردستان عێراق و ناوچەکە کرا.

باڵیۆز تەم بڕاک، سڵاو و ڕێزی سەرک دۆناڵد ترەمپی بۆ سەرکی حکوومەت گەیاند و دەستخۆشی لە سەرکی حکوومەت کرد بۆ ئامادەیی دەربڕینی بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی فیدرا لە پێناو هێناردەکردنی

نێوت لە رێگەی تورکیا.

سەرکی حکوومەت ئاماژەی بۆ دا کە گفتوگۆکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بەردەوامە و تیمی هەرێمی کوردستانیشی راسپاردووە کە ئاسانکاری بۆ هێنانەکردنی نێوت بکرێت لە پێناو بەرژەوەندی خەڵک لەم دۆخە سەختەدا.

سەرکی حکوومەت گوتیشی ئۆپەی پێویست بێت لەمبارێیەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی دێیکەین و داواشی لە ئەمریکا کرد کە بەردەوام بێت لە رۆڵی چاودێرانەی خۆی لە دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی پرسی گومرگ و ئابلوقەی بازرگانی.

هەردوولا جەختیان لە پێرەپێدانی هاریکاری و هاوئاهەنگیی بەردەوامی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا لە پێناو ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکەدا کردەوە.